پاشکۆیەکی گۆڤار (نما)یە
تایبەتە بەدەقی شیعریی‌و رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
ژمارە6ی
بەهاری 2005

خاوەنی ئیمتیاز: ئیسماعیل کوردە

سەرنووسەر: ئاسۆ جەلال

بەرێوەبەری نوسین: ئەهرام نامق

هاوکاران:

ناڵە عەبدولڕەحمان

راوێژکاری نما: رێبین رەسوڵ

پیتچنین: ئارام رەمەزان

دیزاین : خاوەنی ئیمتیاز

# نێوەرۆك

* بۆونبون..ئاماژەیەك..... کەژاڵ ئیبراهیم خدر..........3
*شەڕ لەنێوان ژن‌وخودایە........ناڵە عەبدولرەحمان.......7
*هەڵوەرین ............... ماریا ئەحمەد..............34
* بڕژێرە تەنیایمەوە..............لازۆ...................37
* ماوەی نێوان جەلادێك‌و فریشتە....شنە شەماڵ.........41
*ئەی وەتەن کێ لەمن بەولا ترەوە.......چنور نامق......49
*سەفەری ئەمجارەم...........هەوار عەبدولرەحمەان.....55
*کەڤاڵی ئاوێتەبوون............نێرگز رواندزی............58
* ئاوێزان.........................بەهرە موفتی............61
*وەرزەکانی تەمەنم چوون.........چنار نامق............64
*سەمای تەرمەکان.............باران عەلائەددین........67
*دەرگا ..........................کانی.................73
*((    ))........................شیرین جیهانی..........75
* نامەی ئەدەبی .......................................77

## بۆ ونبوون... ئاماژەیەك

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

1



کە رۆیشتی

من بیرم چوو بە ئەستێرەکان

بڵێم پاسەوانت بن,

ئێستا شەوان

وەکوو منالْ هێور, هێور

فرمێسک دەبارێنمو

لێیان دەپاڕێمەوە

لەو بەرزاییە تۆم بۆ بدۆزنەوە..

2

بە ماچێك ماڵئاواییم لێکردی

[3] نەمزانی شار هەمووی ماچ

بارانی رێگەکەت دەکا

نەمزانی باڵندەکان بەدەم

نەغمەیەکی تاساوەوە

هەموویان دوای تۆ سەفەر دەکەن؟

3

منیش دەمەوێ وەکوو گەڵایەك

لەژێر سێبەری درەختی

قژەکەتدا بمرم..

دەمەوێ  لە دوا ئاڵوگۆڕی هەناسەماندا

هەناسەم بە تۆ بسپێرم

دەمەوێ ڕووەو قیبلەگای تۆ

سەر بەرزبکەمەوەو نوێژەکانی

عەشقت بکەم

4

نازانم قیبلەگات کوێیە

تۆ هەموو شەوێك هەواڵی منت پێدەگا

چونکە پەپوولەی روحم

ئۆقرە ناگرێو دەگاتە لاتْ[4]..

5

چاوەڕێم بێیتە خەونمەوە

تا بڕژێمەوە دەریای چاوەکانتەوە

من ئێستا خەو بە لاشەی

مردووەکانەوە دەبینم

شەوانە ئەو گۆرانیە غەریبە

دەڵێمەوە, کە فێرت کردم

**6**

ئەی هاوڕێکەم لەو وڵاتەدا

گازینۆکان گۆڕستانی پیاوەکانەو

پیاوانیش زیندانی ژنانن!

**7**

زەمەنێکم خۆش دەوێ

ئاسمانو خۆرو دەریاو

مرۆڤی وەکوو تۆ بن

تۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە نیت؟

**8**

وەرە با تێر بۆنت بکەم

من لە هەموو بۆنێک بێزارم



تەنیا لە بۆنی قژی تۆ نەبێ..؟

**9**

دوێنی بە هەموو خونچە

گوڵە مێخەکەکانم وت..

کوا هاورێکەم؟

دڕکەکانی دەوروبەری پەنجەیان گەستم.

**10**

کە رۆیشتی وانەیەکی نوێت فێرکردم,

فێرت کردم

چۆن هەست بە لێدانی بە پەلەی

دڵم بکەم

چۆن لەگەڵ مەرگدا بجەنگم!

# شەر لە نێوان ژنو خوایە
# پیاویش ناوبژیوانێکی درۆزن



نالە عەبدولرەحمان

منالێك

لە یاریەکی قورمیش کراو دەروانێت ,...

منیش لە خورما پێنەگەییوەکە ورد دەبمەوە.. ,

ئەو بەدیاریەوە پێدەکەنێت

منیش

لەگەڵ رژانی هەر ئاونگە نیگایەك

بەسەر بالآی تەزیوی خورمادا

خەم دامدەگرێت ...

* * *

بەدیار تەمەنی دار خورمایەك دانیشتم

کە رەنگی لە رەنگی قژم دەچێ

ناوکی لە گلێنەی چاوەکانم دەکا



فرمێسکەکانی لە شەکراوی رۆحم دەچێ

کاتێ پیاوێ لە دورەوە بە نیگا گەرمەکانی

خرمن خرمن گازی لێ دەگرێ ..

* * *

خورما پێنەگەییبوو..!

سێوەکانی سینگم گەیین!!

* * *

بازنەی رۆنینە داخراوەکانی دایکم

لە خرێتی میوە مزرەکانی

سینەم دەچوون..

زۆر جار ناچاریان دەکرد..

بێ ئاوەردانەوە

لە کورتە دیرۆکی کچێنی خێرنەدیووم

پێی دەگووتم:پێم بڵێ :

رۆڵە شەرمە تا ئەم تەمەنە ساوایەی تۆش

خەڵکی شەهوەتیان

بە رووانینی تۆوە بورروژێو

دڵۆپ دڵۆپ لیکی دەمیان

لە ناسکی تۆوە برژێ ..!

رۆڵە بچۆرە میشواری ئەو قەدەری

خوا قەڵەمی لێ داگرتووەوووووو

بەدیار دەنکە خورمای وشکەڵاتوو و

سۆتەکی جگەرەی پیاوەوە

گوێ بۆ حیکایەتە پوچەکانی قەدەر وەگرە

پەرۆی روو سوری دایکی خۆت

بەروو زەردی تەمەنی دۆرانی کچێنیت

مەگۆرەوە ..!!

بەشکو , بەختەوەری

ببێتە ئەو خورما گەنیوەی

زەمەنێکە رۆنیشتوی ...

*   *   *

بەدیار تەمەنی دار خورماوە دانیشتم ...!



-رۆڵە پیربووی ..!

ئەوەی لە تۆی دەبینم

لە وەهمەکانی کانزانتزاکیو ناپلیۆنیشا نایبینم

دەستەکانت لە پەنجەرەی بیرەوەری مناڵی خۆت

بێنەوە ژوور

هاکا شەماڵێک دێتو دەتژاکێنێ ..!!

هاکا بۆنو بەرامەی سەربوردەی

شەهرەزادێکی دیکە دەترفێنێ..!!

ئەوەی لە توێ دەبینم

لە جادووگەری ئەفسونو تەهلیلەی شێتەکانی

گەرەک سەرمەدیترن..!!

کاتێ بەدەم زیکری دیڤڵەوە ..,

دەودەخەنە کانیاوە قوراویەکانی تەمەنیانو

لە کوچەییێکا ..

نیگایەک دەدزنو رۆحی خۆیانی بۆ دادەنێن !!!

*   *   *

بە دیار تەمەنی دارخورمایەک دانیشتم ...!



- رۆڵە دەست مەخەرە کاری کەونەوە ..

سەرینەکەی تۆ , بۆ پیاوێکە

تەنها جارێك لە جارن لە تەسبیحاتی فریشتەكانی
ئاسمانەوە
رژایە سەر چارەنووسی تۆوە كچم ..!!
بنو ئیتر بەدیار خورما گەنیوەكانی گەردوون
دامەنیشە ..!!

* * *

مەچەكە بێ رەنگەكانم
بۆ سەفەری دەست گوشینی زەمبیلە خورما گەنیوەكان
بەرێ خست
كەچی بینیم بە ئاسمانەوە هەڵواسران
بوون بە دەستەكانی یەزدان
كەڤرو زنارو لەعنەتیان
دەباراندە سەری‌گۆڕی مردووەكان ..!!

* * *

بەدیار تەمەنی دار خورمایەك دانیشتم ..
-ئەوەی تۆ بەدیاریەوە دانیشتووی
كەلێنی دانەكانی (درنج) ێك پڕ ناكاتەوە كچم



ئەو شێتیەیی تۆ لە پای چی..؟
-ئای .. دایە گیان
گەر وا نەبووا
جیاوازی منو (دێوەكان) لە چی ؟!

* * *

دایە هێشتا لەسەفەری قەسیدەیەك
دەستەكانم نەهاتبوونەوە جەستەم
بینیم پیاوێك
بەدزیەوە لەژێر سەرم
سێ رەكات نوێژی دابەستبوو ..
رەكاتێك بۆخۆی ..
یەك بۆ خوا..
یەكیشیان بۆ وەی
سەربوردەی گوڵ گرتنی چاوەكانم
لە زیندانی دیوارەكانی بیری ئەودا
چەق ببەستێ ...!!
نا ... رۆڵە وس بە , ..

تۆ بۆ لە (کەری) دراوسێیەکەمان ناکەیت؟

هەموو شتێ بە هێمنی لێک دەبنەوە...؟؟؟

ئەوە مادام سێ رەکات بوو

کچم نوێژی مەغریب بوو ...

* * *

دایە کە ئاوێزانم دەڵێ

یان زمانە لاڵەکەی خۆی

لەگەڵ گۆی مەمکەکانم پر گۆ دەکا:

« بۆنی مەمکەکانت لە بۆنی بەهەشت دەچێ ..»

ئەی کەوایە

نوێژ بۆچی دەکا

کە ئاوێزانی منیش بۆ خۆی عەدەنێک بێت!!؟

* * *

رۆڵە کچێ قەلەندەرم

بێ هیدایەت خوای ئاسمان

فرێی داویتە گۆشەیەکی بێزراوی زەمین

ئاخر بە لە تێ سێوی حەوایەکەوە



ئێمەش سوتاین

* * *

رۆڵە نوێژ عیبادەتە ...

لە دونیاشا حەفتا حۆری بەردەکەوێ

میوەی جوانی بۆ دەهێنن

خۆ لە میوەی سینگت ناچێ

رەنگی هەر یەکێکتان لە میوەی ئەفسانە دەچێ

هەرگیز لێرە لێی نەخواردوون

خەندەی جوانی پێشکەش دەکەن

هەرگیز لای تۆ دەست ناکەوێ

قاچەکانی بە ئاورینگی کەوسەر دەشۆن

چاوەکانی بە قاوەی عەدەن کلّ رێژ دەکەن

تا پەپولەکانی نوستن پێی نەوێرن و

تا بە یانان رابورێ و باوێشکی خەو نەیباتەوە ...

دەستەکانی دەدەنەبەر ئەو (شنەبا)یانەی

هەرگیز رۆژێ لە رۆژان لەم مەملەکەتە

هەڵیان نە کردووە ..

جەستەی دەبەخشنە
رەنگاڵەترین گەرماو
کە بە نوری عەرشی خوداو ئەبەنوسنو
لۆکەی عەدەنترین ئەوێ
فەرشکرا بێ ...

* * *

دایە ئەگەر لە شێوەی پیاو
نوێژ دابەستم ..!!؟
چەند جۆریو چۆن میوەو
چەند شێوەی هەبوونێکی ترم دەست دەکەوێ؟!

* * *

بەدیار خورما گەنیوەکە دا زیکرم بەست
بەڵکو ئەو وەڵامی هەموو پرسیارەکانمی
لە باوەش گرتبێ
ئەویش لە دایکە بێ هە داکەم دەچوو

(ورتەی لە دەمی دەرنەهات )

* * *

بەدیار تەمەنی دارخورماکەدا دانیشتم
مێروو تێی وەربوون
کرم لە پاشەڵی یەوە دەردەهاتن
کاتێ چاویان بە من دەکەوت
ماراسونیان بوو بۆ ناوسکی برسی دایکیان
*دایکە بۆ ناکرێ منیش
بچمەوە ئەو هەوارە گەرمەی
لێی وەهاتووم !!؟؟

* * *

بەدیار ئاسەواری خورما گەنیوەکەما
ماندووبووم خەم بردمیەوە
لە خەوما دیم
خورمای گەنیوو
ببوە شەرابی دەستی
موسافیرێکی شەکەتو

قوم قوم لێی دەخواردەوەو ئاهی هەڵدەکێشا
دەستم بۆ کاسە بەتاڵەکەی دەستی بردو

( ئەمە بەری رەنجی منەو تۆش بەسانایی دەینۆشی ..؟!)

ئەویش بە هێمنی

سەیری دەریاچەی چاوەکانی کردوو

رۆندکی تەمەنی بەباچووی کچێنی منی تیا بەدیکرد !!

بێ دەنگ بوو !! ...

* * *

لەولاتر لە رووانینە ئەفسوناویەکانی

پێی وتم ئەی کچ !!

فرمێسکەکانت بێنە,با دەست نوێژێکی بۆ خوا پێ هەڵگرم

لەوساوە زانیم

پیاو بەر لەوەی باوەر بە خوا بهێنێ ..

باوەری بە ژن هێناوە ..!!

* * *

بە دیار تەمەنی دارخورمایەک دانیشتووم

دەنکە خورمایەکان پێیان وتم :



شەر لە نێوان ژنو خوایە ..

پیاویش ناوبژیوانێکی درۆزن ...

* * *

لە دوای شکاندنی هەر سەرخەوێکی کورت

شتی زۆر سەیر بەر روئیا کانم دەکەوتن

ئیتر باوەرم بەوەهێنا ..

کە ( دەمەوێ بە تەنیابم

زیاتر سنورەکان ببرِم)

* * *

بەدیار زیکری گەنجێتی دارخورماوە خەوبردمیەوە

بینیم لە جێی خورما گەنیوە بەسەرچووەکەدا

قەدی سەوزاییەکی ئەفسوناوی چرۆی کردبوو

ونجرِ ونجرِ بەبالاٌ هەڵکورماوەکەما

هەڵدەشاخی ...

دوای چەند سەدەیەک گەورە بوو بەری گرت

بەری درەختە سۆزانیە خۆ هەڵواسەکە

لە ئاسمانەوە بەبێ باڵ بەرەو چاوانم دەهاتن



لە بارانی نەعلەتی خوا دەچوون

کە هەموو جارێ بەبێ روخسەت لە جێژوانان

تەریان دەکردین ..!!

دڵۆپە بارانەکان

شتی خری لاقوپاوە بوون

لە رەنگی سێو دەچوون‌و سێو نەبوون

لە پرتەقاڵ دەچوون‌و پرتەقاڵ نەبوون

لە رەنگی هەنار دەچوون‌و هەنار نەبوون

لە هەموو میوەکانی وجود دەچون‌و هەونەبوون

لە هەموو سۆزانیەکانی عەدەم دەچوون‌و هەونەبوون

لە هەموو پیاوانی کۆیلە دەچوون بە دەست شەرەفەوە

هەو نەبوون

لە هەموو شتێ دەچوون کەلەم کەونەدا لە وجود

نەبوون

* * *

هاورێ ببورە

کەلە رەنگی سێو نزیک بوون ناویان دەنێم سێو

کە لە رەنگی پرتەقاڵ نزیک بوو (پرتەقاڵ)

کە لە رەنگی میوەکان‌و



سۆزانیەکان‌و

پیاوانی کۆیلەو

هەموو شت دەچوون

ناویان دەنێم

( هەموو شت)

* * *

ببورە هاورێ

(سێو) بوو (سێو)

چوون یادداشتەکانی دوێنێم

ئاماژە بە دیرۆکی بێحورمەتی سێو دەکەن

لە عەدەندا ..

* * *

بیرت چوو هاورێ ؟!

دایکم پێی وتم :

(ئێمە گۆش کراوی لە تکێ سێوی بێ رەنگی

دەستی حەواکانین)

کە زۆر لە روو زەردی ئێمە نزیکە هاورێ !!

* * *

سێوبوون‌و دەنکە خورمایەکیان
لە سنگیان چەقی بوو
کت‌ومت لە گۆچانەکەی باپیرەم دەچوو
کاتێ بە تورەییەوە لە سنگی دەچەقاندین‌و
پێی دەووتین :
« بێ شەرمینە .. دەتانەوێ ئابروم بەرن
قوربانی ئەو چەقۆیەبن لە دوای هەر سەرهەڵکێشانێکتان
لە دەرگای حەوشە
بەخوێن بسمیلمان دەکا, بیشارنەوە .. مەمکەکانتان
بیشارنەوە
مەمك یەعنی بێ شەرمی »

* * *

کە گەورە بووم
مووسی زمانی پیاوێك
بەهەموو جەستەم داهات
لە مەمکەکانم گیربوو



کەچی هەرگیز لە خەنجەری باپیرەم نەدەچوو ...

* * *

لەسەر گوزشتەی دەنکە خورما کانم پرسی
کاتێ وەك گۆچانەکەی باپیرەم
مێژوویەکی پرشکۆیان هەڵگرتبوو ...
-هێندە گووتم بەدیار خورمای گەنیوودا
مەخەڵەتێ‌و
عومری پر خۆزگەی خۆت مە پیشێنە ..!
تا لە غەزەبی تۆ
ئیلاهی ئاسمان
لە تەمەنی بێ حەیایی سێوی موتربەکردنی کچی خۆم
نەکەی ئەمجارەشیان
بەدیار سێوە موتوربەکراوەکانەوە
وێستگەیەکی دیکەی تەمەن جێ بهێڵی ...
نەوەك ئەمجارەیان
لە نەعلەتی خوداو فریشتەکانی ئاسمان
تەفرە بدرێی ..

موتوربە بکرێی لە پیاو ..!!

*   *   *

دایە بۆچی هەموو مەلحەمەکانی ئەم کەونە
دەخەیتە چوارچێوەی موعجیزەوە
خوداوەند خۆشیویستم
نەیویست چیلکە داگیرساوەکانی تەمەن
بەدیار خورمایەکا
ببێتە زەمەنی جاویدانی رەق هەڵاتن
بۆیێ سوێکیشی موتوربەی خەمەکانی
کردم

*   *   *

دایە خوداوەند عومرێکی کورتی پێ بەخشیووم
ناچار منیش بیسوتێنم
بەدیار هەزاران خەونی کاڵەوە !!

*   *   *



بەدیار سێوە موتوربەکراوەکانەوە
خەوبردمیەوە

لە خەوما, خورما ببوە
کورێکی (بیستو هەشت) ساڵی
بەدیار هاتنی منەوە کز دەسووتا
پرسیارەکانی هێند زۆربوون
زووبانی تەتەڵەی دەکرد بە ئاستەم لێی حاڵی بووم
« بۆ درەنگ کەوتم ..؟!»
-نازانم .. نازانم بۆ درەنگ کەوتم ..!!
دایکە پێم بڵێ بڵێم چی .. ؟!
بۆ درەنگ کەوتم
ئەو کورە شا بوو بە دیارهاتنی سیندرێلاوە
هەموو جەستەو ئاوەزی چرۆی دەرکردبوو
ئەو زاوابوو مەچەکەکانی بەر لەمن
بە ئافرەتی سۆزانی گوڵباران کردبوو .....
ئەو زاوا بوو
بۆ ئاهەنگی پێک شادبوونمان



ریشی بەخەنجەری پشتی باپیرەم
قووت کردبوو

سەرتاپا جەستەی لە بۆنی مسکو ستیانی ئافرەتو

مایەو لیباسی ژێرەوی ژن هەڵسوی بوو

کە چی من .. منی پێخاوس

قەرەجێکی بێ ئەدرەس

دیرۆکێک لە فەنابوون

بە پێنج شەش جگەر گۆشەوە

بەسەر خیابانەکانی غەریبیدا تەراتێنمانە

* * *

دایە منو سەگێکی پێخاوس لە یەک دەچین

تەنها یەک شت جوێمان دەکاتەوە..

ئەو هەڵەتەیە بە دوای دۆزینەوەی ئێسکێکی چەوری

لیقن

منیش ماندوو

بەدوای دۆزینەوەی خەونە کاڵ بووەکانم

لە مەملەکەتی پیاو

ئەو بۆ ئەوەی نەمرێ .. بژی



من بۆ ئەوەی زیاتر لە پیاو نزیک ببمەوەو زۆرتر لە

ناخیا رۆچم

تا دورترین ئەندازە

مەوداکانی پێوانەی مەملەکەتی پیاو ببرمو

بچمە کتێبی (( جینیەوە)) !

* * *

دایە پیاوی خەونەکانم پێی وتم :

لەو شەرابە خەستە گەرمە بخۆرەوە

کە منیشی لێ دروست بووم

-نا ببوورە راست ناکەی

هەرگیز ناچێتە ئەقڵەوە

تۆ لە شەکراوی خورمایەک بێیتە وجود

(تۆ لە دڵۆپێ ئاونگ

یان

لە مشتێ

خۆڵ پشکوتووی

کە قەدەری کچێنی منو

زەمەنی ئەوینی ئێمەی لێ چی بووە)

ڕەنگی بزرکاو

ئاوێنەی هەستەکانی من لە دەستیدا

مشتێ شەرابی خاکی بوون

کەوتنە خوارەوە شکان ..!!

*   *   *

کاتێ لە خەو ڕاپەڕیم

خورما موتوربە کراوەکە

ببوو بە گرمۆڵەیەک تروسکەو

هێور هێور بەدیارمەوە کز دەسووتا

لە ئەزەلەوە دەنگێک پێی دەوتم :

کچەکە، خەونەکانت بۆ هێندە مەودا بڕبوون

تەمەنێکە بەدیار هاتنتەوە

دەرژێمە کانیلەی نا ئومێدی پیاویمەوە

بۆ چ وێستگەیەکی سەفەرتا

بۆ جارێک دانەبەزیتو

لە شەوچەرەی حیکایەتە سڕەکانی



گوێ ئاگردانی شەوانەش، لەقەدەمی ماندوویێتی

ڕێبوارێکا بەسوتفە

نەتکایتە چاوە بێدارەکانی بەیانێکەوە !!

بۆ لە زستانێکی درەنگ وەختا نەبوویتە گەواڵە هەورو

بەسەر کێڵگەی تەنیاییما تاوێ نەباریت !!؟

بۆ نەبوویتە گوڵێکی شەرمن و پەنجە مقەستەکانی من

کەسەدان گوڵ وەنەوشەییتریان چێشیووە .. بۆ

نەمتوانی لە بن میچی

سروەییێکا بتچنم .. بتگوشم بە تەمەنی خەسارچووی

کوڕێتیمەوە کچەکە !!

بۆ .. بۆ سەدەیەک بەر لەم عەسرە شوومە

پەپولەکانی خەوتنی پەنجە ناسکە ڕەنگاو ڕەنگەکانت

ڕانەماڵی ...

تا لە بەر بانگی ئێوارەیەکی درەنگ وەختا

(درەنگتر لە کاتی هاتنی تۆ )

ڕۆژووت بە من بکەیتەوە ..!!؟

*   *   *

هۆ موسافیره ون بووەکەی دەستی عەدەم
خۆتا گەیشتیتە مەوقیفەکانی وێستگەی ژیانم
چیم تیا نەما
تا لە ژێر ساباتی حەزەکانت
مەوسیمی چێژت پێ ببەخشم ..

*    *    *

دێزدەموونا
دڵم نەهات هەناسە ماندووەکانت نارەحەت کەم
تیشکی چاوە بێدارەکانت لە وەرزی خەوبینین بە ئاسۆ
بقرتێنم ...!!
خۆ دەزانم هەرجارەی هەناسەکانم
بەر تاڵی قژە خورماییەکانت دەکەون
چۆن هێمن هێمن دیلانێیانە ,
تاڵە قژو تاڵە هیواو خەونەکانت

*    *    *    *

خەون بەمن چی .. ؟!
بامەڵە باڵ شکاوەکانی بەختەوەریش



بمگەیەننە بەرزترین نهۆمی ئاپارتمانی خۆشی
خەون بە من چی ..!!
چی لە ئەمارەتی خەون‌و (قەڵای مامە خەمە ) بکەم
خۆ بەقەد مەودای حەقیقەتی نێوان
من‌و پیاو
من‌و خوا لە یەك دوورین !!

*    *    *    *

گەریدەترین موسافیری زەمەنی
بەساڵاچوونی کچێنیم ...
خەون بە من چی .. تۆش بە من چی ..؟!
(کەشکۆڵ‌و عەساات هەڵگرەو
بچۆرە نێو دیوەخانی سری مەحوی !!

*    *    *

بەدیار تەمەنی ئەو دارخورمایەم دانیشتم
ئیدی بروام بەوە هێنا بڵێم :
بگەرێمەوە مەملەکەتی,باڵاکردنی
دارچناری خەونەکانت

ئێره ساماناکترین مەملەکەتی چرۆکردنی درەختو
دووباره بوونەوەی حیکایەتە تاڵەکانی
( گۆدۆ ) و ( بێ نەوایانە )

*   *   *   *

لەوەتەی خوا هەیە منیش هەم
لەوەتەی نووسینەوەی دیرۆک هەیە.. منیش هەم ..
منو خواو مێژوو
منو پیاوو حەزەکان
لە جەنگێکی بەردەوام داین
کەسمان سەر بۆ ئەویترمان دانانەوێنین !
ناچار بەدیار هەموو شتە موتوربەکراوەکانی زەمەنەوە
بەسەرچووین !!
من بەسەرچووم
نە خوا نە پیاو نە ..................
بەدیار ژانەکانی منەوە
فرمێسکێکیان نە بەخشیە هەناسەکانی نەوایی

*   *   *   *



لە دواین چرکەکانی کوژانەوەی مۆمی زەمەن
پێ لەو هەڵەیە دادەگرین :
« سووتان بەدیار شتێکی تۆکمەوە
پیرۆزترە لە هەزار شت »

*   *   *   *

ئاه ... زۆر شەکەت بووم
بەدیار تەسبیحاتی خەونە ئەرخەوانیەکان کچێنیەمەوە
هاتنی هیچێکیانم
لە ئێوارە درەنگ وەختێکا لەگەڵ زەنگی کڵێساکانی
عێنکاوەو
مەلا بەلآنس گرتووەکانی ئەم سەردەمە
بۆن نەکرد .. !
ماندووم دایە
هانێ ئەوە دەستەکانم
بدەرە قەدەری ئەو نامانەی
لەئەزەلەوە بۆ زیندانی زەمەنی کچێنیم دادەبارێت
ئاه .. شەکەتم دایە گیان
لێم گەرێ با تاوێ لەسەر سینە پر سێوە نەرمەکانت
باوێشکێک نەرمتر لە هەناسە بێ ئەمەلەکانت
بمباتەوە .!!

*    *    *    *

کچم بەدیار گەنینی دەنکێ خورمادا
تەمەنت بوارد
دەبێ بەدیار هەڵهێنانی قەسیدەیەك
دەستە قڵێشاوەکانی تەمەننا بۆ کوێت ببەن
دایکە خۆ هەموو تەمەنی پووچم
بەشی ناونیشانی قەسیدەیەکی لە خۆبایی ناکات
کەلە دەمی پیاوێکەوە دەرژێتە سەر شەهوەتی ژن
بۆیێ دایە تا ئێستاش بێ ناونیشانم
لە نێو خودێتی هەناسە پچربووەکانم
ئا لێرەوە ئەدرەسی قەسیدەکانم
زەمەنی شێت بوونی پیاوێکی سۆزانیە
کەلە بەرامبەر یاساکانی خواش ئاورناداتەوەو
لە بەرامبەر تەنها ژنێکدا چۆك دەدات .. !!



## هەڵوەرین

ماریا ئەحمەد



دایە تینوومو ڕەحمەت
لە چۆرە ئاوێك
کە دڵی من خاڵیە لێی
دایە ماندومو
ڕەحمەت لە گۆڕە پڕ نوورەکەی ئاسوودەیی
تەمەنیش بەساردیو شەکەتی ڕۆیشتو بزر بوو
دەپێم بڵێ گۆڕە پرمیهرەکەی ئاسوودەیی لە کوێیە !!
تا برۆمە سەریو فاتیحەیەکو
دواتر سەدو یەك تەسبێحەکەی
تۆو داپیرەکانم
کەبە میراتی بۆم مایەوە
لەوێ تەهلیلە بکەم
ئنجا دامێنی دڕاوی کراسەو گەچڵاوەکەی بگرمو

دەڵێم گەورەم ساڵگارێکە
لە خەیاڵدانی بێرەحمیت
پیاسەیەکی پەمبەیی دەکەم
ئەوسا کێلە شکاوەکانیبەسنگمەوە دەگوشم‌و
بە حورمەتێکی سەرخۆشانەوە
دەڵێم بخوردانێکم لە دوا مژی
دووکەڵی هەناسە قەسریوەکانی
رۆحی بێ هۆشم پێیەو لێم وەرگرە
ئەگەر لێم وەرنەگری
رۆحیشم وەك ئەستێرەکانی
بارەگای ئاسمان هەڵدەوەرێ
ئیدی وەك كلۆ بەفر
بەسەر جەستەی باخچە پیرەکانی
فەزای عیشق هەڵدەوەرێت
یەقینیش وەك شەرمی
شۆخێکی ئەنفالکرای فەرامۆشکراو
هەڵدەوەرێت



ئەو یەقینانەی لە وەرزێکی جەهەنەمی
هاتن‌و دەستی گرتین‌و
بە هەڵە بە سەمای خستین
ئەو یەقینانەی بەبەرچاومانەوە
رابردوو ئێستاو ئایندەی تیرۆر کردین
خەونە فەریکیەکانی دلیت کردین
تایتلی یادەوەریەکانی شێواندین
ئەو یەقینانەی کە بوونیان لە سەراب دەچوو
دایە ماندووم‌و
دەتخوا رێگاکانی ئاسودەییم پێ نیشاندە !!

ئاداری /2004

# بڕژێرە تەنیاییمەوە

لازۆ



من ئیتر کەوتمە ڕاڤەکردنی تەنیاییەکانم‌و
لە شەقامە کوژراوەکانی
جوداییماندا گێژگێژ بەرخۆم دەکەوتم
وەک منداڵێکی گڕۆز سەرەم دەکێشا بەسینگی شیعردا و
هاوارم دەکرد:
بمگێڕەوە بۆ زەمەنێک بۆنی عەشق‌و خۆبەختکردنی
لێبێت
من ئەزانم ڕۆژێک دێت هێندەت بیر ئەکەم
هەژارێکی پاکەت فرۆش ماچ ئەکەم
هێندە بیر دەکەم
لەبڕی شیعرەکانت قسەی هەلق ئەڵێمەوە
هیندەت بیر ئەکەم



سەرگەردانت ئەبم
من ئەی جەنگاوەترین من
من ئەی دێوانەترین من
تۆ ئەی شێتترین کەشتییەوان
ئەی دیلترین پاڵەوان
ئەی شەڕەنگێزترین عەشق
ئاخر من ئەزانم
بەم تەنیایەمەوە
شەڕی چۆلەکەکانم پێناکرێت
شەڕی شیعرو گریان, شەڕی شەوبارانم پێناکرێت
هێندە نەبێت دوای تارمایی هەنگاوەکانت بکەوم
ئەو هەنگاوانەی ئەشێ هی تۆ بن‌و نا
هی مەرگ بن‌و تۆ نا
هی تۆ بن‌و باران نا
هی باران بن‌و تۆ نا
هی سەراب بن‌و تۆ نا
ئەشێ هی قەسیدەیەکی سەرشێت بن‌و هی تۆ نا

هی تۆ بن‌و هی ئێواران نا
ئەشێو ناشێ ئیتر من دەهری دەبم‌و
شەڕ بەخۆم‌و دارو بەرد ئەفرۆشم
تۆ رۆژێک باڵندەیەک بنێرە بەشوێنمداو
ڕایسپێرە
ئەو جەنتایەم بیرنەچێت کە پڕە لەبۆنی قژە لولەکەی
خەندان‌و
جەستە خوێناویەکەی ئیمپراتۆر
تۆ ڕۆژێک باڵندەیەک بنێرەو
ڕایسپێرە گوێ بۆ منێک ڕادێرێت
کە سەرتاپام لێوان لێوە لە وجودی تۆ
باڵندەیەک بنێرە تا من ئەو برینانەت بۆ تەفسیر کەم
کە لەدووریت گوڵیان ئەکردو منیان ئەکوشت
من ئەزانم ڕۆژێک دێت هێندەت بیر ئەکەم
هەژارێکی پاکەت فرۆش ماچ ئەکەم
ئیتر
ئێواران بەدوو عەلاگەی پڕ کتێب, بەدوو چاوی شکاو



بەشەکەتترین جەستەمەوە خۆم دەکێشم بەتەنیایەکانما
خۆم دەکێشم بەدەرگای ژوورەکەما, بەجێگاکەمداو
ئیتر هەر بەپێوە دەمرم
ئاخر من هەروابوم کەبیرم ئەکردیت
یان بەجلەوە دەخەوتم یان نیوەی شەو بۆ مەکیاژ کردن
ڕادەپەڕیم
من دەزانم ڕۆژێک دێت هێندە بیرت ئەکەم
هەژارێکی پاکەت فرۆش ماچ ئەکەم
هەژارێکی پ...ا...ک...ە...ت...ف...ر...ۆ...ش
من ئەزانم

سوید
**26ی ئابی 2004**

# ماوەی نێوان جەلادێك‌و
# فریشتەیەك تەنیا ... !



شنە شەماڵ

جەلادەکان قژی مانگیان
بە مقەسی زمانیان بڕیو
گوتیان ئاسمان تاوانبارە
پەپولەیەک فڕی فڕی .. نیشتەوە
گوڵێکی بێ دەنگی ئەتککرد
قاچی خستە سەر پەنجەی درکێ‌و
گوتی کوا گوڵ بۆنی هەیە
دایکم چوو بۆ ماڵی خودا
کە هاتەوە
گووتم دایکە چیت بەدیاری لە دەستی خواوە بۆ هێنام
گووتی کچم
ئەمە پەرۆی سەر مەرقەدو
ئەمەش بەردی بەرپێی سپییان
ئەمەش ئاوی مرازی پیرۆز
هەناسەیەکم هەڵکێشا
لەوێش دیسا بەردو پەرۆت بۆ هێناوم !
باوکم چوو بۆ ماڵی خوداو
گەرایەوە
باوکە بزانم خودا چ دیاریەکی بۆ ناردووم
-کچێ بێ دەنگ
لەم گوناهانە نەبوویەوە
ئەم خوا گەورە
تۆی زەعیفەی لەکوێ لەبیرە
جەلادەکان گوتیان تۆ کچی ئەهریمەنی
شمشێری بیریان وەشاندو
هەناسەمیان بە خوێن هێنا
جەلادەکان
گوتیان تۆ باخێکت رواندو

گوڵەکانت دایە دەست نیشتیمانی (با)
چۆن دەبێ گوڵ بەدەم باوە سەما بکا
چۆن دەبێ گوڵ رووت رووت دەستی (با) بگرێو
ئاسمانی ئەستێران بگەرێو
گەردەنی خۆرم ماچ بکات
بۆنی سنگی باران بکاو
دەست لە ملی تریفە بکا
لەناو شوشەی شەوێکی سپی
چی لە باولی دڵی دایە
بیکا بە تەنافی نیگای خودا
چۆن دەبێ گوڵ
لەسەر بەرگی دەریا بدرێ
ئەستێرەکان نیگای سوجدەی بۆ بگێرن
مانگ ماچی کاو بەرگی تریفەی بۆ بنێرێ
گوڵو ئەستێرە ژووان بگرن
شەپۆل شەونمی بیرباتەوە
کەنار دیوار بپێچێتەوە
گوناهێکی گەورەتر لە مانگ گیران

*   *   *

لە کۆڵانێک لە کۆڵانە بەرزەکانی بادا
ماڵێکم لە بۆن دروست کردووە
هەموو شەوگەشێ
دیدەم بەسەر رەحمی کچەکانا
تا شویان کرد
منداڵی لە رەگەزی (با) یان ببێ .
لە کەنارەکانی دەریای جەلادا
کەشتیەک خەون دەگێرێتەوە
قولاییەکانی دەریا
گەلێ لە کەنارەکان تەنکترن
کاتێ جەلاد شەهوەتی بۆ بۆنی کچێ دەجوڵێ
کەنارەکان گەلێ لە قولای قوڵترن
کاتێ شوشەی ئارەزووی پربوو
ماسی گرەکان راویان دەکردو
لەترسا دەیانگوت

گۆشتی بۆق خۆشترە لە ماسی .
کاتێ بەیانێ نەرمە (با) یان کوشت
گوڵ لەترسانا پێکەنیو [44]
گووتی ئیدی گوناهی سەمام لەسەر هەڵگرن
گووتی ئیدی گووناهی عەشم لەسەر هەڵگرن
گووتی ئیدی ژەهری هەنگوینم لێ مارەکەن
گوتی ئیدی پەیمانکەی بەر لە پشکوتنم ئەتک کەن
شەونم مەیی گووتی  هەموو سپێدانێ
شمشێرەکەتان تێمدا بشۆن
شەماڵ راکشاو گووتی هەموو ئێوارانێ
بەسەر سینگم پێ هەڵگرن

*   *   *

کە لەچکی عەباکەی هێناوبرد
فەرمانێکی تیژی دەرکرد
گووتی شمشێر بدەن بە قوتابیان
شمشێر بدەن بە بەساڵاچووان
گووتی پیاوان شمشێر بدەن لە پشت سەرو لەسەر
زمانیان
دایکان شمشێر بکەن بە شەقشەقەی بێشکەکانیان
باخەوانەکان شمشێر بکەن بە دیوارو شورەی باخیان
جووتیارەکان شمشێر تۆدەن
ئەندازیاران شمشێر بکەن بە بناغەی کۆشکە بەرزەکان
پزیشکەکان شمشێر بدەن لە برینی نەخۆشەکان
مامۆستایان هەر بە شمشێر فێریان بکەن
ئاخر بۆیە ... ئێرە بووە گەردوونی جەلاد
کاتێ پێی نا لە پێی مێرویەك
لەبری سارێژ .. شمشێرێکی بە قاچی داهێناو
وتی بێ قاچیت باشترە .. ر ێلە رۆیشتنم دەگرێ
ساوایەك زنجیرە زنجیرە هەنسکی دەدا
بۆ مەمکێکی خرو نەرم
جەلاد هاتو شمشێرەکەی نا لەدەمیو
گووتی شیری شمشێر شەکری ناوێ
جەلادەکان مەمکی کچانیان لە بنابریو

گوتیان لە سێوی حەوا دەکا

بەنێو کتێبخانەکاندا گەرام

ئەوەی کتێبەکەی دەست نەدەکەوت

46

وێنەی بەرگە سورەکەی دەگرت

گووتم ئیتر ژنیش دەبێ بە مرۆڤی بی تاپۆی چەقۆ

بۆ بەیانی

بە هەر دەرگایێ

تابلۆی ژنێکی چەقۆ لە پشت بوو

کاتێ پەپولەیێ بۆن بە لێواری زێرابێ دەکا

مێشێکیش لەسەر کولمی گوڵێ هەناسەدەدا

کێ بیری بۆ عەشق دەچێ

کەچی پیاو کوژێ بە ناسنامەکەی دەستیەوە

هاوار دەکا

من لە رەحمی عەشق لە دایک بووم

کاتێ سروشت فووی لە پشکۆ نیوە کوژاوەکان دەکرد

تا کچی بەفر گەرمکاتەوە

جەلاد (جەستەم) یاخود (بیرام ئەتک دەکا

جەستەم بە شمشێری دەستیو

بیرم بە شمشێری بیری

ماوەی نێوان جەلادێک فریشتەیەک

هەر درێژایی شمشێرێکە

دەرگاکانمان ژەنگ گرتوویە

یان بە شمشێر

یان راوەستین تاکو چەقۆی پەنجەکانمان

دەبێ بە کلیلێکی شمشێری

ئێمە پەنجەرەیەکمان هەیە

بۆ نەرمە بایێ

نە ئاسمانیش بۆ سەمایێ

نە دەریایێ بۆ رووت بوونەوە

نەسپێتی شەوێ بۆ حەقیقەت

نەکۆڵانێ

نەرۆژێ

بۆ پیاسەیێ

نە فانۆسێ بۆ دیتنی ئەستێرەکانمان

چونکە کتێبی خوای زەمینمان

شمشێرێکی پەر ئاسنینە.

48

# ئەی وەتەن کوێ لەمن بەولا ترەوە



چنور نامق حەسەن

درود بۆ ئەو ساتە نەورەسیانەی

تیایدا دەفرین

روحیانەتی باڵدارەکان ئارامیان دەکردینەوە

بەناو تونێلەکانی فیرقەتو ئاوێتەبوونی

شەونمە فرمێسکی گوڵو ئێمە تێدەپەرین

دەرۆمو لەویلایەتی ئاوێنە شکاوەکانی

شەو بارانی روخسارمان

ئارام دەگرم

درود بۆ ئەو زەمینە مەخمەلیانەی

رەنگە کاڵەکانی عیشقیان تیا دەنێژین

بۆ ئەو پریشە ئەسەفانەی

زامەکانی بونی تیا سارێژ دەکەینو

ئاواییەکانی جێنانمان رادەژەنن

تەمەن بۆ ئەو چرکە تەماوییانەی

دڵی تاریکی رۆشن دەکەنەوە

بۆ هەمیشە ژیان

لەناو ئەو گەڵایانەی

بەدەم لێکدانەوەی چارەنووسمان

دەماندایە دەم تاوانی

جوانی پەنجەکانمانەوە

بۆ هەمیشە سەفەر لەناو ئەو یادانەی

لە داهاتوومان سنورداش دەکەنو

ناوەختانێ

خومار بوونی چاوەکانمان دەدەنە دەستی شەوەوە

تا ئەبەد گریان بۆ ئەو سروتانەی

یەك سرودو دەیان

ئایەتی عیشق دەدەنە گوێ
حەوشە گماویەکانی پاش باران
درود بۆ مەستبونمان
لەپاڵ لاشەی شەوە خۆفرۆشەکانی
تەلارە رەنگینەکانی خەو
ئەو شەوانەی
خەونە جوانەکان هەرزان فرۆش دەکران
نزا بۆ چاوی ئەو قەسیدانەی
کەبەرووتی لەبەر دەرگای پەرستگاکان دەرەقسن و
تاو نەتاوێ
دەمکەنەوە دەروێشی گومانە نورانێکانی
شێت بونێک
بەسەر تەرتیلە گوناهێکمدا دادەکەن
هەتاکو کەی چاوەروانی
ئەو عاشقانەی لە قاوشەکانی بێهودەیی
(سەبری ئەیوب) بە با دەکەن
درود بۆ تۆ ئەی چەپکە ژیانی کوژاوەی

ناو نمەکانی دوێنێ شەو
بۆ ئەو لەحزە قەترانیانەی
کە لەچاوەروانیدا دەمپۆشی
سپێدانیش لەبەر پێتا
خواوەندێکی شکاوی دەم رەشەبا بوم
دەبومە پارچە هەواڵێکی دەم هەوری تورەی چاوانت
بێ مێژوو
بێ ئەدرەس
بێ پەنا
لەرچە رێیەکی لەبیرکراو
بێ نەخشە   بێ ژوان
چون ئەو سەفەرانەی کەلە تەنیشتی تۆوە دەمپێوا
کپ کپ وەک نزاکانی دەم خوا
فوارەمی لێوە دەرژا
درود بۆ تۆ ئەی جەلادە نورانێکەی دەم
تیشکی گوناهێکی پاک
ئەو جارانەی

لەبەر ئولفەتی رژاوت, چرپەکانم بەهەناسە گەرم
دەکردەوە
لە ناو روحی دێڵی خەونێکا
نیگام بیابانی تیشک پرژێن دەکرد
درود درود
بەسەر مەرگستانی چامەیەکی نیوە چڵم
وەکو گۆرانی داودەکرد
تۆش بە رۆژە مودمینەکانتەوە
خۆمو چرکەکانمت دەسرییەوە
ئەی وەتەن کوێ لە من بەولاە تر
ئەکەیتە جەنگستان
ئەو شەوانەی لە شەرمی تریفەکانم
مانگ روی سوری وەردەگێرا
لەژورە پەنهانەکانی لێبوردنەوە
بە ژمارەی تەرمە سپێکان دەمبەخشێت
درود بۆ ئەو مەنزڵانەی
لە کەناری ئاوابونێ سەفەر تیایدا
هەرزان فرۆشی دەکردین
تەهلیلەی دەم دەرویشەکانی رێگاوبان
هەنگاوەکانیان دەسرینەوە
لێرەوە دێمو هاوینە شنەی درەختێک مەیلم دەکا
لێرەوەش دەگەرێمەوە
دەمەو کەرەنای گشت شەوێک
لە ماڵی تیشک وچان دەدەم
روحم دەبێتە قەقنەس
درود درود
چراکانی بێهودەیی
لەناو پرخە قوڵەکانی شەوێکدا پێدەکەم
ئەی وەتەن کوێ لەتۆ بەولاترەوە برۆمو
کێ لەمن بەولاترەوە دەکەیتە جەنگستان
ئەی عەشق پاش هەرەسێ با
کێ نامە سوتاوەکانم بگەیێنێ

**2004-12-22**

# سەفەری ئەمجارەم

هەوار عبدالرحمن



بە دوای پەیڤە ناسکەکانی وجودبوو

لە دوریانێکی سەختدا

خۆم‌و وشەیەکی لەخۆم تەنکتر

باڵا گەردانی یەکتربووین

وەک ئەوەی تەمەنی خۆمم

بەدیاری کریسمس بۆ پێچایەوە ... , !

پەیڤەکانیشم

هەمان پانۆرامای جاویدانیان هەبوو

*　　*　　*

ڕۆژ بە دوای ڕۆژ

لە نێو کانیاوی چاوەکانی عەشقی مندا

سەیرتر لە جاری جاران

مەلە دەکەی .. ..

گەورەتر لەو سێبەرەی

لە تارمایی شیعرەکانم

سەمادەکەی

کە زەمەنێک بەرلە ئێستا

لە فەرهەنگی جاویدانی یادداشتەکانی دڵمدا

نەخشەم بۆ کێشابووی

*　　*　　*

وەرە هاورێ

نهێنیەکانت بێ پەروا بدرکێنە

دەمەوێ لە نهێنی هەبوونی تۆو

هەنگاوە شەرمنەکانت بگەم

بێزار مەبە لەبوونی خۆت

چۆن من بێزارترین سەرگوزشتەی

نهێنی تۆم

*        *        *

بێزار لە تۆش ئەی شەو

هەموو جارێ

56

ئەو حیکایەتە نامۆیەم بۆ دەگێڕێتەوە

کە زەمەنێکە بەلای منەوە ئاشنایە ...

*        *        *

من و تۆ لەوەدا لە یەك ئەکەین

هەردووومان بەدیار

هەڵهاتنی چاوەنۆڕیەوە شەکەتین

تۆ بەدیار ئاوابوونی تاریکیەکانتەوە

منیش بەدیار بەسەرچوونی

تەمەنی من گرتووم

بۆ یە ئەمجارەشیان قەدەری چاوەڕوانی خۆم بەتۆ

سپارد

چ ا و ە ڕ وا ن ی        ........ !!

**2004/12/22-21**

## کەڤاڵی ئاوێتە بوون

نێرگز رواندزی



بزوتنەوەی پەڵە هەوری رقەکان

لەسەر رووی

ئاسمانە شوشەییە پاکەکانی

رۆحی پەشۆکاو

بە ئاراستەی ژێیە هەواییەکانی

کەڤاڵی دیدارت

ئاوێتە ئەبوون بە پەراوێزی فەرهەنگە

ئامێز گرتووەکەی تەمەنما

لەسەر خاکی وێران بووی ناخی منا

ئاسای باران...
دابارێتە نیۆو جۆگەلە وشکەکانی
هەناسەی تەنیایم
لە ئاوێنەی رۆژگاری
ئەم سەردەمەدا ..
بە ئاسمانی پر ساماڵی ئاوێزان بوون
مەلەی پاراو
بۆ نێو رۆحی زەوی دیتمی
ئەم هەوارە ئەخوسێنم ... !
لافیتە رەشەکانی شەو بێداریم
ئەپێچمەوە ...
تا لە گزنگە پەل هاوێژتووەکانی
نیگا پر لە سەرمەدییەکانی تۆ , دانەبرێم
لەو ساوەی .. .
ئاشنا بووم بە سەمفۆنیای دەنگت
هێور ... هێور
خزایتە نێو شووشەی دڵم و
بوویتە کۆری بەردە نوێژی عەشقم
بۆیێ ئێستا
نسێی هەنگاوە حەزەکانم
ئاوێتەی تیشکی
پەنجە شاهێدییەکانی خۆر ئەکەم
تاهەموو جیهان
بە جوگرافیای وڵاتی سپیت بزانن ... !! ؟

60

## ئاوێزان



بەهرە مفتی

کە لە ماشێنەکە هاتمە خوارەوە
زەمین لەبەر پێما راکشا
لە دوای چرپەی شوێنی پێما
بۆ تینی خۆرەتاوی چاووم
وەنەوزی دەدا
سەرم هەڵبریە باڵای درەختە بەپێوە وەستاوەکان
بەرووم پێکەنین
باڵندەی هیلانەی سەرچڵیشیان
ئامێزیان بۆ جوانی بەهارم دەکردەوە
گۆرانیان بۆ هێلانەی زمانی ماڵە شعرم ئەچری

سەرم هەڵبریە باڵای چیاکانیش
لەسەرپێ بووم وەستان
ئای چ پیرۆزە
بۆنی هەناسەی کە بۆنی بەهەشتی کوردستانەکەمی لێ
دێ
ئای چ دڵخۆشکەرە
هێلانەی زمانم بدەمە
چرین باڵ سووتاوی باڵندەیە
کە بەگڕی عەشق سووتایی
ئای چەند خۆشە
مردنم بە عەشقەوە بێ
لەناو باوەشی ئاسمانە
کۆرپەی شیعری بەرەژانی
هەوری سك پرم لە شوێن بمێنێ
بۆ چاوی کوردستانەکەم گڕبیگرێ
کەلە ماشێنەکە هاتمە خوارەوە
چەند شعری رەسەنم کردە دیاری

بۆ زەمین لەبەر پێماراکشابوو

نهێنی هەگبەی سەفەرم هەڵرشت

بەرگی شەقامەکەم کردەبەر

ئەسپی حەزم بەرەو سەرگەشی شینایی ئاسمان

حیلاندی

وەکو پەلکە زیرینە

لەشای وملی چیا رەنگدارەکان ئاڵام

پر بەدڵ لەدوندی چیاکان

هاوارم کردو

گۆرانیەکی دانەبراووی عەشقم چری



## وەرزەکانی تەمەنم چوون نیشتمانەکەم لەتە

چنار نامق



لەغوربەتستانەوە دەڵێم

مەپرسە خەلکی کام شارم

هزرو هۆشم

وەرزەکانی تەمەنیشم

چوون نیشتیمانی دابەشکراوم

لەت لەتە

بێهودەییە عشقت

سانایانە دڵ دەشکێنێ

چەند بێمانایە ژیان

لەوەرزێکدا

گەلای تەری درەختەکانی تەمەن

دەوەێنێ

وەکو ئەو رۆژانەی یەکترمان نەدەناسی

شەقامەکان چۆڵ وهۆڵن

لە تۆجوانتر سەمایان بۆ دەکردم

سەماکانیان لەدڵدا

لەنگەری نەگرت

نیگاکانیان

بە نیوە دورگەی چاوەکانم دزەی نەکرد

من دەمەوێت

رەوتی ژین خیراتر بروات

کات سەفەرکات

رۆژ بارگەی بپێچێتەوە

گرینگ نیە

تەمەن بروات

ئەگەر تۆم لە بیرچێتەوە

دەگەرێمەوە بۆ ژیان

گەر زاکیرەم

ئاسەواری بیرەوەریت بسرێتەوە

دەگەرێمە لای سەماکانی جارانم

سەردەمێک

دەستی «با»م دەگرت

ئاوێزانی شەپول دەبووم

چوون ماسییەکان لەدەریادا

بەبی ئاگا سەمام دەکرد

دەشێ پرشنگی نیگات

تیشکی درەوشاوەی ئەستێرەی

شەوگاری ژیانم بێت

بەلام ناکرێت

بەرۆژ خۆرو

بەشەو مانگ

دەزگیرانم بیت

66

## سەمای تەرمەکان



باران عەلادین

رەحمێک بە هەپروون بوونی دڵۆپەکانی بارانت بکە
نەبا غەزەبی ماچێ بتگرێت
شەرمێک لە بارینی ئێوارەیەکم بکە
نەبادا چۆک لەبەر خوێناوی بونی (بت)ێکتدا دادەم
کوانێ ئەی پێغەمبەری عیشق کوانێ ؟
کوا دورشمی پەیامی وەنەوشەییت ؟

خۆت نەت وت دەخیلتم ئەی یار
تۆ بە خورمی بارینت لە ئێوارەیەکا
هەموو نەبویت وتت با پێکەوە تف لە تابلۆ
هەزەلییەکانی ئەم دورگەیە بکەین و
لە رەنگی بەهاری تۆو بە فڵچەی بەرائەت
دیوارێك نەخش کەین تا تێکەڵ بوون و هەڵا
ژانەکانمانی
تێدا حەشاردەین تۆ نەبوویت؟
تۆ نەبوویت وتت من بۆ تۆو تۆش بۆ من و
هەردوش بۆ پایانی غوربەت و بێ نازی ژوانێك ؟
ئەی من نەبووم وەك ماسییەکی عاشق بە
مرواریيەکانی
جامخانەی رۆحت بە کوڵان بە کوڵانی ئەم دەریاچەیەم
ناساندی ؟
لە مێژە ترسی بەدوکەڵ بوونی پەیامەکانتم لێ نیشتووە
شەوانێکە درکم بە بەهەوادا چونی هاوینی حەرفەکانت
کردووە !!

وایی خودایە! چەند سەختە رامان بە دیار وەنەوزی
عەشقەوە !!!!!
چەند ستەمە لە بەیانێکی وادا رق لە جریوەی
چۆلەکەیەکی عاشق هەڵگریت !!
وای خودا !! چۆن ئەم هەموو غەمگینییانەی
ئەم شەوە بزرکاوانەم لوش دەم وای
بە ئاوی ژێر نزرگەی کام حەزرەت
دەست نوێژی ئەم رکاتە پایزییانەی
عیشق بگرم وای
لە گوناهی کوام لەم سەفەرە ئاوێزەییانەم خۆش
ئەبیت؟!
بە بییانووی خەزانی کام پایز !! ئاوێنە سەوزەکانم
شەقار ئەکەیت؟
بە هەتاوی کام نیوەرۆی بوغزن روو رەشی قاپی
عیشقم ئەکەیت؟
خودایە بە سەهۆڵی کام بەستەڵەک حەرارەتی
دوا بەیتەکانی سارد کەمەوە !!؟

بە ئەسیتۆنی کام شازادەی ئەم دەڤەرە ماچەکانی
بسرمەوە ؟
بە بارانی کام ئێوارەی غوربەت پشکۆی پەیامەکانی
دامرکێنمەوە ؟
وای دایە گیان ئەمشەو تەنهاو تەنها تۆ شکۆ ئەبەم
لە باوەشتا ئارام بمەوە ئۆف دایە بروانە سیمای ئەم
کچە
بێ مەیلەت ئەمشەو
دایە بمگرە خۆت‌و سەرم بنێ وە ژێر خەرمانەی
میهرەبانیت ئەمشەو
بروانە دایە لە شەوێکی وادا عیشق چیم پێ ئەکات؟
ئەم شەو یار لەخۆفی خوا نەترسا دایە !!
نەفرەتی لە عەیاری‌و بەرائەتم کرد
رووی لە پاکیزەیی‌و درندەییم وەرگێرا
بروانە چۆن بە زەلیلی پەرو باڵی ئەم عەشقە هەنوو
ئەکەم !!
وەک ئەکتەرێکی کۆیلە لەسەر سەوزترین

شانۆی مەرگ هەڵوەرینم نمایش ئەکەم
وەک شنە بایەکی زووری بیابانی گومان
تەفرو توونا ئەکەم
وەرە ئەی وێڵترین کەشتیوانی عیشق نامبینیت ؟
نامبینیت ؟
چ دەریازێکی بریقەدارم ؟!
چۆن لە سوچێکی ئاسمانی بێ نازیتا ئەدرەوشێمەوە ؟
نزیکم بە
پرت کەم لە نورو قەلاّم کەیت لە سورەتەکانت
نزیکم بە
ترسی رۆشنایی شەوت نەبێت
خەمی تاریک بوونی بەیانەکانت نەبێت
بێ خەم بە لە سەوزی پایز
لە پیربوونی بەهار گەرێ
جریوەی ئەم سەگانە وێڵ کە
چیت داوە بەسەر وەڕینی چۆلەکەیەکی بەستەزمان
پێبکەنە بە حەپە حەپی ئەم بولبولە فاسیقانە !

عەجولی کیسەڵێک سەرسامت نەکات
بە میهرەبانی رێوییەک خەجاڵەت مەبە
گۆرانیەک ماوە چرین
گومانت بتەکێنەوە وەرە سەر سەوزترین
شانۆی مەرگ
لێرەوە ژیان دەست پێدەکات
لێرەوە
نمایشی ژیان بکە تۆ
نمایش لەتەک تەرمەکانا
لێرەوە سەمای عیشق بکە
عیشق لە ژێر نمەکانی باران‌و
هەناسەکانی ئێوارەدا

تۆرۆنتۆ .. نەورۆزی 2005

72

## دەرگـــــــا

کانی



دەی زووکەن

دەرگاکان بکەنەوە

دەرگای ژوورەکان

دەرگای قاپی حەوشەکان

دەرگای چێشتخانەکان

دەرگای زێرنگرەکان , دەرگای .. دەرگای..

کلیلەکان تورڕبدەن

تا ئەو بمێنێ

ترس لە شکانی دەرگاکان هەیە

ترس لە شکانی پەنجەرەکان هەیە

ئای ! کەقینم لە قفڵی سەر دەرگایە

دڵ ئەکا بە قفڵی مێشکو

هەرچوار پەل

قۆڵ بەست ئەکا ..

دەی زووکەن

قفڵەکان بشکێنن

تا ئەو بمێنێ

پاسەوان لە ترسا

خەو دەیباتەوەو

ڕێگر دەیشکێنێو

دزی لێ ئەکا

سێشەممە 2004/12/21

74

((          ))

## شیرین جیهانی



ئەو رۆژانەی
سگیان بە چاوەروانی پڕ بو
من هەستم بە ناسینی خوا دەکرد
ئەو شەوانەی
نوتفەی بێزاریان لە منالدانی کچانا دەچاند
من
کراسی خۆرەتاوم لەبەرابوو
گوارەکانم
تنۆکی باران بوونو
ملوانەکەی سووری
خەونێکی سەوزم لەملابوو
ئەو کاتانەی
لە کۆڵانەکانی , دورو درێژی شاری ئاوێنە
بەشۆن خوادا دەگەرام
پتر هەستم بە نەبوون دەکرد

بەهار بوو
لە راستی‌یەک دەگەرام
زەمان
کراسی پائیزی کردە بەرو
هاتە لام
سڵاوم لێ نەکرد
ژیان چەکمەی زستانێکی بێ برانەوەی کردەپێو
رۆی لەلام
ماڵئاوایم لێ نەکرد
دنیا
چاویلکەی رەش لەچاو
جگەرە بەدەم
بە ترۆمۆبیلی ئاخرین مۆدێل
هاتە دوام
بڕوام پێنەکرد

شەیتانم بینی
درۆکانی خاوێن بوون
لە گوناحا سەداقەتی مەبوو
بەراستی شەیتان ئێمانم هێنا
ئەو کاتە , هەستم کرد چوومە ناو تابلۆی بوون
دەرگەی ولاتێکی بێ بەهاریان نیشان دامو
لە دنیای مرۆڤەکان

بۆ هەمیشە دەریان کردم .

76

## برادەر ... شهرام

چەند بلێم بیرت ئەکەم , حەقی بیرکردنەکەت نادەم ....
زۆر زۆر یادت دەکەم , نەمدەزانی رۆژێك لە رۆژان دادێت لەناو
شەقامە چۆڵەکانی هەولێر چاودەگێرم
نەمدەزانی رۆژێك دادێت لە شەقامە تەنگەکان, لە شەوە تاریکەکان
لە دوای خۆشەویسترین رەفیق دەگەرێم
کە مانای سادەیی و جوانی و خۆشەویستی راستەقینەی
پێ بەخشیم ...
لە نێو بیرە بچکۆلانەکانم هەردەم وابوو, کاتێ  لە کەسێك
بیربکەمەوە هەست بکەم کەلە دڵی ئەوم ...
ئەمە خەونەکانم بوو , تازە تازە لە دایك بوو هاتە دی
هەتا پێش من لە دایك ببم
خەونەکانم لە دایك بوونو هاتنە دی
بەترسترین رۆژ لە ژیانم
بیرت دەکەم برادەر .....

هاورێت



ژین
2000/3/1

## بۆ شاعیرێکی شێت
## دەستەواژە هاوشێوەکان

**2004/12-13/12**
تریفە ئومێد بەقاڵ بۆ **Sh**

(نازانم کەی پارچە وون بووەکانی خۆم دەدۆزمەوە).؟!
پیاوێك لەپەنای شیعرەکانیەوە دەستی خستووە ناو قورمیش کردنی
کاتژمێری بەختەوەریمەوەو دەیویست وەك ئەو بپرژێمە ناو حەشاماتی
غەریبی خەڵکەوەو لەهەموو دیمەنێك یاخی بم کەمانای پوچی
دەبەخشن گەلا سەوزەکانی تەبیعەت..!!
سێویك خەیاڵە مەوداداره‌کانی نیوتنی خستە گێژەڵۆکەی واقیعەوە..
((لەژێر هەر پەڵە هەورێكو چڵە دارێك زەوی دەستە قلیشاوەکانی نزای
بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوەو نامەردانە نامووسی سەوزی گەلاکان
دەخاتە ناوپڕ یاسکەی حەیاچوونو  ونبوونەوە))
سێوێك لەناوەراستی جەستەی داین شەقی کردین هەریەك لەجێگاکەی
خۆمانەوە بووین بە (داین)..!! بۆیە قەدەریش هەریەکەو بۆ

مەبەستێكو عەدەمێك تەفرەی داین..!! ئیدی لەوساوە ئێمە نەوە دوای نەوە سەدە دوای سەدە لەكەرت بوون داین... لەپەرت بوون داین!! بێ ئەوەی یەكێك لەفریشتەكانی خوداوەند.. لەزەمبیلە بەتاڵەكەی كۆمان بكاتەوە!!

هەمیشە هاوارمانەو دەنگم ناگا بەو ماندووانەی بەپێی تێزەكانی ئەمو ئەو زەوی شەقاربووی گەنیو لەمادده ئەندامیەكانی منو تۆ دەدروونەوەو بەشی قووتی زەمەنێك لەپێكەوەی نابەخشنە پڕیاسكەی بابە نوئێلەكانی شەوانی كریسمسو شادمان ناكەن بەچارەنووسی خوداو ئەو مەتەڵە ناویان ناوە ((قسمەت))

ئای لەو پیاوە لەش فرۆشەی لەبەردەم قاوەخانەكەی (فلیپن پاركدا) بەدەرزیە (كول)ەكەیەوە سەرنج دەدروێتەوە حەشاماتی چاوەكانی ئادەم..!!

هیچ یەك لەئادەمو مادەمو دەستی درێژیان بۆ گیرفانی ڕەشیان نابەن بەبێ ئەوەی سەجدە بۆ گیرفانە دڕاوەكانی (بەرژەوەندی خۆیی) نەبەن!!

ڤالانتین دڵە گەورەكەی بوو بەسەعاتی بەردەم كلێسای ((لۆڤەر)) كەچی عاشقەكانمان پەندیان لێوەرنەگرت...!!

كچەسۆزانیەكانیش شەوێك بەخێری خودا لایان نەدایە باوەشی ڤالانتێنكی ڕیش نورانی كە هەموودەم لە باڵە نەرمە كۆنەكانی بوڕاق نوێ دەبنەوە..!!

ئای ((ڤالنتیا)) بریا دەستی ((Sh))ەكەم دەگرتو بەنهێنیەكی ئاشكرا بەنێو بەلەمە تەزیوەكانی شەختەی ئەڤینتەوە پیاسەیەكی تەزیوترمان دەسازاند..!!



ئەوسا باهەر بووترابا ((مەنجەڵ گەڕاو قەپاغی خۆی دۆزیەوەو هیچمان نەدیتو (300((سێ سەد))مانگ) چاوە ماندووەكانم بەخشیە شەوەبێدارەكانی چاوەنۆڕی كەچی كاروەنچیەك لەبێ ئاوی لای نەدایە كانیاوی چاوەكانو قومێكی لێنەخواردۆتەوەو قومێ یادگاریشی جێ نەهێشتوە..!!

((ئەی ڕونترین كانی بەرتریفەی مانگەشەو))
((دەزانم چۆن لەناختا دەلەرزی مرواری زیخو چەو))
((گۆران)) یش تۆی پێ جوانتربوو لەدەریایی بێ سنور كاتێ شەپۆڵ دەباتەبەر تیشكی خۆر شڵپو هوڕ))

ئێستا زانیت بۆچی گەورەترین سوارچاكی خەونەكانم حەزناكات لەكەنار دەریادا دانیشێو دەستەكانی خۆشدەوێ؟ زانیت بۆچی (بەو پەنجانە تەلاری عەرشی مەملەكەتی لمی بۆڕێك ناخڕێ؟و زانیت ئەو پیاوەی لەجێی خەونە ژەنگ گرتووەكانم بوو بەواقیع بۆچی پێی وتم:
((هەڵوەرینی گەڵاكانم لاگەورەترە
لە هەڵواسینی پێغەمبەرەكان))؟!

زانیت بۆچی ((ئەی نەشارەزاترین بوونەوەر لەنوێژی نوێژین مەعبەدەكانی عەشق..!!ئەی سەردەمیترین پەیامی خوداوەند!!

هاوڕێ لێرەوە ئێرە نا با لێرەوە نا باشتروایە لێرەوەبێ نا دەترسم لێرە دەرنەچین ئا ئێرە چاكتر نییە دیسانەوە بابگەڕێینەوە بامەوداكان بەروخۆرچون ئاسانتركەین بالێرەوە دەست پێبكەینەوە باخۆمان سەرپشك بین لەداهاتووی خۆمان لێرە.